ورمێ... چوار کەس کەوتنە ژێر هەڕەسی بەفرەوە

ئەمڕۆ شەممە، حەمید مەحبوبی بەڕێوەبەری مانگی سوری پارێزگای ورمێ لە ڕاژەڕاتی کوردستان ڕایگەیاند، لە گوندی ئاواتانی میرئاوای نێوان شاری نەغەدە و سەردەشت، چوار کەس کەوتونەتە ژێر هەڕەسی بەفرەوە و بەهۆیەوە یەکێکیان گیانی لەدەستداوە و سیانەکەی دیکەش بە سەروشوێنن.

ڕ

ڕ مەحبوبی ، بە میدیای فەرمی ئێرانی ڕاگەیاند، بڕیانی ئەمڕۆ بە ناوەندی کۆنترۆڵ و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنی پارێزگاکە ڕاگەیەندرا. بەهۆی بەفرباریین لە ناوچەی ئاواتانی لە شاری میرئاباد، چوار کەس بەسەروشوێن بون

ڕ

ئاماژەی بەوەشکرد، دەستبەجێ تیمەکانی بنکەی فریاگوزاری مانگی سوری نێلاس ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکە کران لە دوری 40 کیلۆمەتر بوە لە ڕێگەی سەرکی نێلاس- سەردەشت و تاکو ئێستا کەسێک گیانی لەدەستداوە.

ڕ

بەڕێوەبەری مانگی سوری ورمێ وتیشی، "گەڕان بەدوای سێ کەسی دیکەش کە بەسەروشوێنن بەردەوامە"،

بىۋاسىتە ئۇيۇشتۇرغۇچىلار ناسنامىكىيان ئاشكارىكات.